**وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی**

**ژمارە: ٢١٢٩ لە ٢٠١٧/٦/٢٠**

بەپێی ئەودەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (٣) بڕگەی (١و ١٧) لە یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠١٠) ، وە بە مەبەستی پێدانی مۆڵەتی کارکردنی لقی ژوورە بازرگانییەکان و بنکەی کاری بازرگانی و سەنتەری بازرگانی لە هەرێمی کوردستان بە شێوازێکی دروست و یاسایی بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە بۆ ڕێگە پێدانیان:-

**ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٧**

**پێدانی مۆڵەتی کارکردنی لقی ژوورە بازرگانیەکان و بنکەی کاری بازرگانی و سەنتەری بازرگانی**

**ماددەی (١):- پێناسەکان :**

أ- لقی ژوورەبازرگانییەکان : مەبەست لە ژوورە بازرگانییە بیانییەکانە کە لق لە کوردستان دەکەنەوە .

ب- بنکە یان سەنتەری کاری بازرگانی : سەنتەر یان بنکەیەك کەوا بە شێوەی هەندەکی یان هەمەکی کاری بازرگانی کۆمەڵە کۆمپانیایەك ڕێك دەخات و ئاسانکارییان بۆ دەکات .

**ماددەی (٢):- مۆڵەتی کردنەوەی لقی ژووری بازرگانی :**

ئەو لقەی ژووری بازرگانی کە داخوازی ڕێگەپێدان لە چالاکی ئاسانکاری بازرگانی بۆ ژووری بازرگانی لە وڵاتی دایك لە هەرێمی کوردستان دەکات پێویستە ئەم ڕێوشوێنانەی لای خوارەوە بگرێتەبەر و ئامادە بکرێت :

١- نیزامی ناوخۆیی :

أ- ئامانجی کردنەوەی لق لە هەرێمی کوردستان .

ب- چالاکییەکانی لقی سەرەکی بۆ ماوەی سێ ساڵی پێشوو.

ج- دیاریکردنی سەرچاوەی دارایی .

٢- (تخويل) بوونی لە ژووری بازرگانی وڵاتی دایك بۆ وەرگرتنی مۆڵەت هەبێت .

٣- پشتڕاستکردنەوەی داواکاری لەلایەن فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و کونسوڵخانە یان باڵیۆزخانەی ئەو وڵاتە .

٤- پێشکەشکردنی داواکاری بۆ کردنەوەی لق بە دیوانی وەزارەت .

٥- کۆپی پاسپۆرت یان ناسنامەی بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراو و هاوبەشەکانی و ناسنامەی نیشتەجێبوون .

٦- کۆپی گرێبەستی باڵەخانەی ئۆفیس دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرەتایی کارکردن پێشکەش بە وەزارەت دەکرێت .

٧- رسوماتی مۆڵەتپێدان بە بڕی (١٠٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن دینار .

٨- رسوماتی نوێکردنەوە بە بڕی (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار دەبێت .

٩- لە دادنووس بەڵێن بدرێت کەوا :-

أ- چالاکی بازرگانی ناکەن , بەڵکو تەنها چالاکی ئاسانکاری بازرگانی دەکەن .

ب- ملکەچی چاودێری و پشکنینی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەبن .
١٠- تۆمارکردنی ناوی لق لە یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستان .

**ماددەی ( ٣ ):-**

بە هیچ شێوازیك مۆڵەتی ئەم لق و بنکە و سەنتەرە بە مۆڵەت ناژمێردرێت بۆ کۆمپانیا و ئەندامەکانیان بەڵکو هەر کۆمپانیایەك بە پێی یاسای کارپێکراوی بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان مۆڵەت وەردەگرێت .

**ماددەی ( ٤ ):-**

دیوانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە کاتی وەرگرتنی گشت بەڵگەنامەکان هەڵدەستێت بە چاوپێداخشاندنی وە لە ماوەی (١٤) رۆژدا وەڵامی لایەنەکە دەداتەوە وە لە کاتی رەزامەندی پێدانی مۆڵەت وەزارەت فەرمانی وەزاری دەردەکات وە گشتاندنی فەرمانەکە دەکات بۆ گشت لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان .

**ماددەی ( ٥ ):-**

لە کاتی رەزامەندی نەدانی وەزارەت بە مۆڵەت پێدانی بە هۆکاری تەکنیکی بێت یان نەگونجانی کار و چالاکییەکانی لەگەڵ یاساکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت . دەبێت ئاگادار بکرێتەوە بنکەکە یان ژوورەکە دەتوانێت داواکارییەکە دووبارە راستەوخۆ پێشکەش بە وەزیری بازرگانی و پیشەسازی بکات بە مەبەستی بڕیاردانی کۆتایی .

**ماددەی ( ٦ ):-**

بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەت هەڵدەستێت بە کارکردن لەو بوارەدا و بە دواداچوون و راپەڕاندنی گشت پرۆسەکانی وەرگرتن و ئامادەکارییەکانی دەکات .

**د . علی سندی**
**وەزیری بازرگانی و پیشەسازی بەوەکالەت**